# سەمای مەرگ

لەتیف قەرەداخی

لەیەکەم وەرزی خەمی تەمەنما
گوڵی ئومێدم خۆزگەی هەڵوەری
ئەو دەمە هیوای وەدی نەهاتووم
مەلی سەدان حەز لە لانەی فڕی

*************

لاشەم لەجیاتی سەری کەساسم
قەندیلی خەمی کەوتبووەسەرشان
مەینەت گلۆڵەی تەونی ژیانمی
ئاڵۆزان سەدان گرێی تیا نەخشان

*************

ناچاری گەلێك ڕێگای پێ گرتم
هیچیان شادی یان نەخستەدڵم
زۆر لانكەی ژینم تاقی كردەوە
پێیان ژێر نەبووگریانی كوڵم

*************

عەودالی گەلێك خەونی قەشەنگ بووم
كە ئەندێشەمیان دێنایە هەژان
هەر چەندە ڕۆشتم نەگەشتمە هیچیان
جگە لە دەریای كوێرەوەری و ژان

كەمن مەینەتی تەنها بەشم بێت
لەهیچ خاكێكدا ناحەسێمەوە
گەر بەهەشتیشم بۆ بكەنە لانە
لەژانی خۆما هەر ئەتلێمەوە

**************

زۆرم هەوڵ دا بۆ تەنها ساتێ
لە ئاوازێكی خۆش گوێ ڕادێرم
كەچی دەبووە سەمای مەرگم و
ڕوون ترین ئاسۆش دەبووە هەڵدێرم

نیوكاستڵ ٢٠٠٠-٦-٢١

www.kurdistannet.org
كوردستان نێت

www.kurdistannet.org
01/06/2003 02:15

## شەختە

لەچلەی زستانی کرێوەی ساڵێك
لەبەستەڵەکدا گۆرانیم ئەچڕی
بۆئەوبەهارەی پەردەی بێ دەنگی
بەڕەنگی لە ڕووی شەختەدا ئەدڕی

***** *****

خۆزگە دوای خۆزگەوئاوات دوای ئاوات
لە ئەندێشەمدا ئاڵو گۆڕ ئەبوون
دەم ووت بەهار دێ وخەم کۆتایی دێ
دەیجور دەگۆڕێ بە بەیانی ڕوون

***** *****

مەل هەروەك جاران دەنگو ئاوازیان
گوێ ی شاخ ودارو دەریا کاس دەکات
شادیش لەبەردەم نائومێدیدا
دەرگای بەختیاری بۆ دڵ واز ئەکات

**** *****

پۆشاکـی سـەوزی چلـی دارەکان
سیمای سروشتمان قەشەنگ تر دەکەن
گـوڵاڵە سـورەش دەبنـە نـەوبوکی
بە هەشتی زەوی وعەشق ئامێز ئەکەن

کاتێ بەهار هات خەزان بوو خەزان
لە گـوڵ شـەنیدا گوڵ خەنم چـنی
خۆزگەم بەووەرزی شەختەو کرێوە
بە قەد ئەم وەرزە فرمێسکم نەسڕی

٢٠٠٠-٦-٢٣ نیوکاستڵ

www.kurdistannet.org
کوردستان نێت